# سێبەری ئۆجالان هەروا بەسەر باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیەوەیە

نوسینی: نەفیسە کوهنەوەرد
وەگێڕانی: شاهین کەریمی
shaahinkarimi@yahoo.com

خوێنەری بەڕێز!
ئەوەی لێرەدا لەبەر دیدەی تۆدایە، ڕاپۆرت و چاوپێکەوتنێکە کە ژنە ڕۆژنامەنووسی بەشی فارسی سایتی بی بی سی، خاتوو "نەفیسە کوهنەوەرد" لە کوردستانی باکور و لە چاوپێکەوتن لەگەڵ دانیشتوانی گوندی فیس، کە بە شوێنگەی لە دایک بوون و سەرهەڵدانی پ.ک.ک دەژمێردرێ، سازی داوە. وەرگێڕانی ئەم ڕاپۆرتە لە لایەن منەوە تەنها وەک گەیاندنی بەشێک لە مێژوو و هەروەها تێڕوانین و بۆچونی خەڵکی بەشێکە لە کوردستان لە سەر جوڵانەوەیەک، وەک هەر ئەرکێکی تری وەرگێڕان، بەرپرسایەتی ناوەرۆک ناکەوێتە سەر وەرگێڕ. ئەوەی لەسەر شان و ئەرکی وەرگێڕە پاراستنی دەق و مەبەستی نوسەرە کە هەوڵم داوە ڕەچاوی بکەم، تەنانەت وێنە و ژێرنووسی وێنەکانیش لە دەقە کوردیەکەدا وەک خۆی هاتووە.
لەگەڵ ڕێزم، وەرگێڕ

دیمەنی گوندی فیس سەر بە ناوچەی لیجە سەربە پارێزگای دیاربەکر بە شێوەیەکی هەست پێکراو جیاوازە لەگەڵ شوێنەکانی تری ئەو ناوچە.

گوندی فیس وەک زۆرێکی تر لە گوندەکانی ئەم ناوچە کوردنشینە لە دەیەی 1990 چۆڵ کرا و دانیشتوانی بە زۆرەملی ئەویێ یان بە جێ هێشت. بەڵام بە هۆی ئەو ڕوداوانەی کە لێرە ڕوی داوە، ئەم گوندە شوێنگەیەکی جیاوازی لە ڕوداوەکانی جوڵانەوەی کوردەکانی تورکیەدا هەیە.

عەبدوڵا ئۆجالان بۆ یەکەم جار لە کۆتایی پایزی ساڵی 1978 لەگەڵ هاوسەنگەرانی لەم گوندە کۆبونەوە و بەردی بناخەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) یان دا نا.




**"هیچ لە سیاسەت نازانم، بەڵام لەو کاتەوەی تۆ ڕووت کردۆتە شاخ ڕقم لە هەموو کەسێکە، بۆ تۆ جامی سەیارەکانی پۆلیسم شکاندووە و ئەگەر دەستم بڕوات سەرۆکەکانی تۆش دەکوژم."**

هەر لەم ڕۆژەوە بوو کە ناوی ئەم گوندە بچوکە لە سوچێکی مێژوودا جێگیر بوو بووە هۆی ئەوەی کە قورسایی لەدایکبوونی گرووپێکی شەڕخواز بەردەوام بە سەریەوە بمێنێ. تەنانەت کە ئێستە بەشێک لە خەڵکی فیس گەڕاونەتەوە سەر ژیان وخانوبەرەکانیان، هەست بەم قورساییە هەر دەکەن و ئەم کێشە نەبۆتە هۆی خۆشحاڵیان.

ڕەمەزانی تەمەن 25 ساڵان کە لەم دواییانەدا گەڕاوەتەوە گوندەکەیان، ئاماژە بە شوێنێکی دورتر لە ماڵەکان دەکات و دەڵێ: " هەموو شتێک لەو شوێنەوە دەستی پێکرد. لەوێوە ئۆجالان و هاوڕێکانی دەستیان خستە سەر بەردێکی سور و پەیمانیان بەست، بەڵام خۆزگە قەت وا نەبوایە. "

بە قسەی ڕەمەزان و دانیشتوانی تری گوندەکە، خەڵکی ئەم گوندە زیاتر لە شوێنەکانی تر کەوتونەتە ژێر وردبونەوە و گوشار و سزای چالاکیەکانی پ.ک.ک یان بینیوە، لەبەر ئەوەی کە فیس جگە لەوەی کە پێگەی لەدایک بوونی ئەم گروپەیە، زۆرێک لە دامەزرێنەران و پشتگیرەکانی لە ناو خێزانەکانی ئەم  گوندەوە سەریان هەڵداوە. بۆ وێنە بنەماڵەیەکی گەورەی وەک زهورلو، زۆربەیان لە سەرکردایەتی و ناوەندی ئەم پارتەدا بوون.


ئەگەرچی زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەی زهورلو یان کوژراون یان ڕایان کردووە، بەڵام ڕۆژنامە نوسەکانی هەرێمەکە پێ یان وایە کە هێشتا هەندێ لە خزم و کەسەکانی ئەم عەشیرە لەم حیزبەدا ڕۆڵیان هەیە.

کەنعان، یەکێک لە ڕۆژنامەنوسەکانی ئەم ناوچە ئاماژە بەم بابەتە دەکات و دەڵێ: " بارودۆخێکی لەو چەشنە هێشتا خەڵکی ئەم بەشە دەبەستێتەوە بە پ.ک.ک وە، چونکە خەڵکی ئەم گوندە بچوکە زۆربەیان خزمایەتیان لەگەڵ یەک هەیە و بەمجۆرە کەسێکیان بە ئەندامی ئەم پارتە دەژمێردێ.

فاروق بالیقچی کە زۆربەی کات و تەمەنی خۆی سەرقاڵی لێکۆڵینەوە لە سەر ڕوداوەکانی کوردستان بووە و وادیارە کە ماوەیەکیش وەک ڕۆژنامەنوس لە چیاکان لەگەڵ گەریلاکانی پ.ک.ک بووە، داکۆکی لەوە دەکات کە لە دیاربەکر و دەوروبەرەکەی لە هەر خێزانێک لانی کەم کەسێک ئەندامی ئەم گرووپەیە.

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابوردودا سەدان کچ و کوڕی لاو، بەتایبەت لە کاتی گوشاری سەربازی لە سەر ناوچە کوردنشینەکان ڕێ ی چیاکانیان گرتۆتە بەر و تەنها ژمارەیەکی کەمیان خۆیان تەسلیم کردۆتەوە.

بەهادۆر پیاوێکی تەمەن 57 ساڵان کە بە ژن و مناڵەوە گەڕاوەتەوە گوندەکە، ئاماژە بە خزم و کەسی ژنەکەی دەکات و دەڵێ :" براکەی من لە شەڕی پ.ک.ک و سوپای حکومەت دا کوژرا، برای ژنەکەم تەنها لەبەر ئەوەی کە لە قوتابخانە بە کوردی لەگەڵ قوتابیەکان قسەی کردبوو چەندین ساڵ کەوتە زیندانەوە و پاش ڕزگار بوونی پەنای بردە چیاکان، خوشکی جەعفەری هاوڕێشم ئێستە لە باکوری عێراقە و لە ئۆردوگای پ.ک.ک دیە. "



لە ئەرشیفی ڕێکخراوی زانیاری تورکیە(میت) دا کە لە حەفتاکان دا لە سەر ئۆجالان کۆکراوەتەوە وەک لاوێکی کوردی چەپ ناسێندراوە کە بیروباوەڕە کۆمۆنیستیەکەی قورس و قایمە.

خەڵکی ئەم گوندە و گوندەکانی دەوروبەر بەرلە کۆچی زۆرەملی، زۆربەیان پێوەندیان بە پ.ک.ک ەوە هەبوو و هەندێ لە خێزانەکان ڕۆڵێکی گرینگیان لە گەیاندنی خواردەمەنی بۆ ئەم گروپە هەبوو. بۆیە توشی گرفت و دژواری زۆر بوون.

سەرەڕای ئەمە، ئەو کەسانەی کە لە بەردەم یەکێک لە خانوەکانی گوندەکە کۆبونەتەوە، داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەن کە پشتگیری لە پ.ک.ک بە مانای پشتگیری لە بیروباوەڕی ئەم گرووپە نیە و زۆرێک لە بنەماڵەکان بە هۆی ڕۆڵەکانیانەوە کە لەم گرووپەدان، ئامادەبوون کە هاوکاریان بکەن، هەندێکیان لەبەرخۆیانەوە ورتە ورتیان دەکرد و دەیان وت کە جگە لەمە چارەیەکی تریان نیە.

هاوسەرەکەی بەهادۆر کە خەڵکی دیاربەکرە جەخت لەوە دەکات کە لە سەرەتاشەوە زۆرێک لە خەڵک بیرەوەییەکی خۆشیان لە پ.ک.ک نیە. ئەو دەڵێ: " ڕەنگە پ.ک.ک بەشێک بن لە ئێمە، بەڵام ئێمە بەشێک نین لەوان."

سەرەڕای ئەمە وادێتە بەرچاو کە پێوەندی خزمایەتی خەڵکی ئەم دەڤەرەی توشی هەست و بیرێکی دژبەیەک کردوون.

حەسەن گەنجێکی تەمەن 33 سالان خەڵکی دیاربەکرەو هاتووە سەردانی خزمێکیان بکات، پێ ناخۆش بوونی خۆی سەبارەت بە شەڕی پ.ک.ک و سەربازەکان دەردەبڕی و دەڵێ: " ڕەنگە ئێمە لایەنگری پ.ک.ک نەبین، بەڵام بە لێدانیشیان خۆشحاڵ نابین. چونکە ئەوان کاتێک لە ناو ئێمەدا بوون."

دەوڵەتی تورکیە بەو سەربازانەی کە لە شەڕی پ.ک.ک دا دەکوژرێن دەڵێ شەهید، بەڵام حەسەن و ئامادەبوانی تر ئەوانە بە شهید نازانن. حەسەن پێ ی وایە کاتێک موسوڵمانێک فیشەک دەنێ بە موسوڵمانێکی ترەوە، تەنانەت ئەگەر بشکوژرێ نابێ پێ ی بڵێ ی شەهید.

بەڵام لەم خاڵەشدا خەڵکی ئەم گوندەش وەک زۆربەی خەڵکی دیاربەکر و دەوربەری توشی دژایەتین. لاوەکانی کورد بۆ سەربازی دەنێردرێن بۆ شارە دوورەکان، جاری وایە هەندێکیان لە جلی سەربازیدا ناچار بە شەڕ لەگەڵ پ.ک.ک دەبن.

زینۆ، ژنێکی چل سالان کە کوڕە سەربازەکەی بە دەست پ.ک.ک کوژراوە، کوڕەکەی بە شەهید دەزانێ، بەڵام پێناخۆشبوونی خۆی سەبارەت بە مامەڵەی دەوڵەت دەردەبڕی و دەڵێ :" کاتێ کوڕەکەم کوژرا تەلەفزیۆنەکان نەیان وت کە ئەو کورد بووە و شەهید بووە، بەڵام کاتێک مناڵی خوشکەکەم کە ئەندامی پ.ک.ک بوو، لە هەواڵەکان دا ڕایانگەیاند کە تیرۆریستێکی تر کوژراوە."

زینۆ دەڵێ نەمانتوانی هیچ کامیان بە ئاسانی بەخاکیان بسپێرین و پرسەیان بۆ دابنێین. لە بابەت کوڕەکەمەوە لە ترس لەیەنگرانی پ.ک.ک و بۆ خوشکەزاکەشم لە ترسی سوپا.

کێشەکەگێلی لەم چەشنە بۆتە مایەی ماندویەتی و دڵشکانی خەڵک، دەڵێ ی ئیتر کەس پێ ی خۆش نیە هەواڵی کوژرانی سەربازەکان و ئەندامانی پ.ک.ک ببیستێ.



”همموو شتێک لەو شوێنەوە دەستی پێکرد کە ئۆجالان و هاورێکانی دەستیان خستە سەر بەردێکی سور و پەیمانیان بەست، بەڵام خۆزگە قەت وا نەدەبوو.“

جەعفەر دەڵێ کە بیری خوشکەکەمم کردووە و هیواداره کە ڕۆژێک بگەڕێتەوە.
جەعفەر پێ وایە کە تەنها لێبوردنێکی گشتی دەتوانێ هێڵی پێوەندی نێوان خەڵکی ئەم ناوچە و گرووپە تیرۆریستەکان ببڕێت. هەڵبەتە لە ساڵی 2003 حکومەتی تورکیە ڕای گەیاند کە ئەندامانی پ.ک.ک پاش تەسلیم بوونەوەیان توشی لێپرسینەوە و بەدواداچونی سەخت نابنەوە و ڕەنگە تەنها سزای دوو تا پێنج ساڵ زیندانیان بۆ ببڕێتەوە، بەڵام تا ئێستە ژمارەیەکی کەمیان ئامادەبوون خۆیان تەسلیم بکەنەوە.

وادیارە کە هەندێک هێشتا متمانەیان بە حکومەت نیە و لە لایەکی تریشتەوە هەندێک لە هەڵوێستی بەرپرسانی پ.ک.ک دەترسن. کاتێک باس لە کێشەی ترس لە هەر دوو لاوە دەکرێت، یەکێکیان لە ئامادەبوان دەڵێ: "هەڵبەت ئێستە ترسی پ.ک.ک زیاترە، چونکە ئەم گرووپە بە ڕوونی دەبینێ کە لە ناو خەڵک دا شوێنگەی نەماوە."

جێ خۆشکردنی پ.ک.ک لە چیای قەندیل لە باکوری عێراق لە لایەک و ناکۆکی نێوان ئەوان و عەبدوڵا ئۆجالان لە لایەکی ترەوە، دەوریان هەبووە لە کەم هێز بوونی پێوەندی خەڵکی باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیە لەگەڵ ئەم پارتە.

بەڵام لایەنگرانی پ.ک.ک بە جۆرێک، بەشێک لە خەڵکی ئەم ناوچە، بەتایبەت خەڵکانی هەژاریان لە ژێر کۆنترۆڵ دا هەیە. نەورۆزی رابوردوو بە دەنەدانی ئەم گرووپە  هەندێ لە منالیان ڕێپێوانیان کرد. منالەکان کە هەرە گەورەیان تەنها 13 ساڵ تەمەن بوو، هەندێ لافیتەیان بە لایەنگیری لە پ.ک.ک پێ بوو و ئاڵای تورکەیان ئاگر تێ بەردا.

ڕەمەزان ئەو ڕۆژە وەبیر دێنێتەوە و دەڵێ: "مامی من شەش منالی هەیە، دەرگای بە سەر پێنجیان دا داخست، ناچار بوو کوڕێکی بنێرێ بۆ ڕێپێوانەکە، ئەگەر ئەم کارەی نەکردایە پێ یان دەوت خائین."

## نەمامێک لە جیاتی بەردە سورەکە

پاش ئەم قسەوباسانە تێڕوانینی خەڵک سەبارەت بە سەرۆکی پ.ک.ک دێتە ئاراوە، سەرەتا بێدەنگیەک زاڵ دەبێ بە سەر ئامادەبوان دا، پاشان خورشید لەسەرخۆ ئاماژە بە ئۆجالان دەکات و دەڵێ: "هەرچەندە لە زیندانداییە، بەڵام سێبەری بە سەر ئەم ناوچەوە هەروا هەست پێدەکرێ."

لە زۆربەی ڕێپێوان و تەنانەت کۆبوونەوە ناسیاسیەکانی ئەم ناوچەدا وێنەی ئۆجالان لەگەڵ ئاڵای پ.ک.ک بەرزدەبێتەوە. فاروق باسی ئەوە دەکات کە لە کاتی ڕێوڕەسمی نەورۆز و قسەکانی سەرۆک وەزیران دا، تاقمێک لە خەڵکەکە دروشمی بژی ئۆجالانیان دا.

ئەو پێ ی وایە خەڵک بە نیسبەت سەرۆکی پ.ک.ک ەوە هەست بە جۆرێک لە بێ تاوانی دەکەن، چونکە ئێستە ئەو بێ

دەسەڵاتەو دابڕاوە لە دونیای ئازاد.

سەرۆکی پ.ک.ک کە لە کنیاوە دەستگیر کراو گەڕێندرایەو تورکیە لە جەزیرەی ئیمرالی لە زینداندایە، سەرەتا حوکمی لە سێدارەدانی بۆ بڕایەوە، بەڵام پاشان یاسای سەرەکی(دەستور) تورکیە چاکسازی تیا کراو سزای لە سێدارەکان هەڵگیرا و سزاکەی ئۆجالانیش بوو بە زیندانی هەتاهەتایی.



لانی کەم لە هەر خێزانێکی دیاربەکر و دەوروبەری کەسێک ئەندامی ئەم گرووپەیە.

فاروق، روزنامە نوسی کورد

ئەکرەم کە کوڕەکەی ئەندامی پ.ک.ک بووە و پێنج ساڵ لەمەو پێش کوژراوە پێ ی وایە کە تورکیە شانسی بووە کە زیندانیەکەی ئیمرالی نەکوژراوە، چونکە دەبوو بە قارەمانی نەتەوەیی کوردەکان و وەک دەڵێن مردووەکەی لە زیندووەکەی کارتێکەری زیاتر دەبوو.

ئەکرەم ناوی ئاپۆ(کورتکراوەی عەبدوڵا) بۆ ئۆجالان بە کار دێنێ و داکۆکی دەکات کە ئەو پاش چەند ساڵ زیندان بیروبۆچونی خۆی لە سەر پێویستی سەربەخۆیی کوردەکان گۆڕی و ئەمە بووە هۆی دووری و جیاوازی لە نێوان ئەو و جێگرەکانی و بەشێک لە خەڵک. بەڵام ئەکرەم پاشان ئەوە زیاد دەکات و دەڵێ هەندێ لە خەڵک خۆشحاڵن بەم گۆڕانکارییەی ئۆجالان و ڕێزیان زیاتر بووە بۆی.

لە بەرانبەر ئەماندا شەهرووز یەکێک لە لاوە کوردەکان پێ ی وایە کە هەڵسوکەوتی سەرۆکی پ.ک.ک لەم ساڵانەدا شیاوی هیچ ڕێزێک نیە. ئەو دەڵێ: "ئۆجالان ئەوەندە قازانجپەرەست بوو کە سەرەتا لە ڕێگەی بیروبڕاو چەپیەکانی خۆیەوە خەڵکی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و پاشان ڕەنگ و بۆی کوردی دا لە جوڵانەوەکەی و لەم ڕەوتەدا خەیانەتی بە هەموان کردووە."

لە ئەرشیفی ڕێکخراوی زانیاری تورکیە(میت) دا کە لە حەفتاکان دا لە سەر ئۆجالان کۆکراوەتەوە وەک لاوێکی کوردی چەپ ناسێندراوە کە بیروباوەڕە کۆمۆنیستیەکەی قورس و قایمە.

بۆیە میت سەرەتا پ.ک.ک ی بە جیدی وەرنەگرت و لە ڕیزی یەکێک لە گرووپە پچوکە چەپخوازەکان دا داینا، بەڵام سەرەتای ساڵی 1981 لە یەکەمین کۆنفرانسی فەرمی ئەم پارتە لە نزیک سنوری سوریە و ئۆردۆن، ناوەرۆکی پ.ک.ک و سەرۆکەکەی دەرکەوت.

لەو کۆنفرانسەدا ئۆجالان یەکێک لە نزیکترین دۆستانی خۆی بە تۆمەتی هاوکاری میت گولەباران کرد، دەیویست بەمجۆرە ئەندامانی تر چاوترسێن بکات.

لەدوای ئەم کۆنگرە بوو کە پ.ک.ک بۆ یەکەم جار لە شاری شەمدینلی تەقەی لە سوپای تورک کرد و شەڕێکی دەست پێکرد کە گشت ناوچەکەی گرتەوە.

لە هەمان کاتیشەوە ترسی پ.ک.ک کەوتە دڵی خەڵکی تورکیە و ناوچەکە، ترسێک کە ئێستەش بەردەوامە.

بەبڕوای سوعادی ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆی کورد، ترسی خەڵک لە پ.ک.ک بۆتە هۆی ئەوەی کە کەس نەتوانێ خواستی خۆی یان نارەزایەتی ڕاستەقینەی خۆی دەرببڕێ.

سوعاد ئاماژە بەو کوشتنانە دەکات کە لە ساڵانی ڕابوردوودا ڕویداوە و دەڵێ ی هەموو کوژراوەکان کەسانێک بوون کە دژ

به "ئاپۆ" قسە و چالاکیان هەبووە. ئەو دەڵێ: "هەندێ دەستی نادیار کە گومانی ئەوە هەیە کە پێوەندیان بە ئیمرالیەوە هەیە لە هەموو شوێنێک نەیارەکان لەناو دەبەن. هەموو دەزانن بکوژ کێ یە، بەڵام ئەم کوشتنانە هەمیشە وەک ڕوداوێک بە هۆی "بکەری نادیار" لەناو دەیان مەلەفدا ون دەبن."



❞هەندێ دەستی نادیار کە گومانی ئەوە هەیە کە پێوەندیان بە زیندانی ئیمراڵیەوە هەیە، لە هەموو شوێنێک نەیارەکان لە نێو دەبەن.❝

سوعاد، روزنامەنوسی کورد

پاش قسەکانی سوعاد ئەو کەسانەی کە لە ناو کۆڕەکەدا دانیشتوون، هەموو داکۆکی لەوە دەکەنەوە کە تەنها ڕێگەی ڕزگاری خەڵکی ئەم ناوچە لەم باردۆخە ئەوەیە کە حکومەتی تورکیە باڵی پشتیوانیان بەسەردا بکێشێ و ئەمەش پێویستی بە بەڕەسمی ناسینی مافی کوردەکان و لەنێو چونی مامەڵەی هەڵاواردنانە بەرانبەر بەوان هەیە.

لێخوڕی ئەو پاسەی کە ئیمەی لە لیجەوە بۆ دیاربەکر دەهێناوە کاسێتێکی پێ دام و وتی: "ئەگەر دەتەوێ تێ بگەی لەو بازنە وێرانکەرەی کە خەڵکی ئەم ناوچەی تیا گرفتار بووە، گوێ بدەیە ئەم کاسێتە."

لەم کاسێتەدا لاوێکی کورد بە زاراوەی کوردی بەمجۆرە بەرانبەر بە کچێکی کورد بە ناوی سورەیا دەدوێ. سورەیا بە هۆی هەژاری خێزانەکەی و لە ترسی ئەوەی کە ناچار نەبێ بە پێک هێنانی خێزانی زۆرەملی پەنا دەباتە بەر پ.ک.ک. لاوەکە بە هۆی بێکاریەوە نەیتوانیوە مارەیی سورەیا دابین بکات، لۆمەی خۆی دەکات و دەڵێ نە تورکی باش دەزانم و نە کوردی بەتەواوەتی فێربووم. پاشان ڕوو بە سورەیا دەڵێ: "لە سیاسەت هیچ نازانم، بەڵام لەو کاتەوەی تۆ ڕووت کردۆتە شاخ ڕقم لە هەموو کەسێکە، بۆ تۆ جامی سەیارەکانی پۆلیسم شکاندووە و ئەگەر دەستم بڕوات سەرۆکەکانی تۆش دەکوژم."

سەرەڕای ئەمە، هەموو دانیشتوانی گوندی فیس هیوایان بە داهاتویەکی باشتر هەیە. ئاماژە بە نەمامێک دەکەن کە چەن ساڵ پێش بە هۆی گەڕانەوەیان بۆ گوندەکە لەلایەن حیزبی خەڵکی دیموکراتیک (DEHAP)ەوە لەم گوندە نراوە تا بروسکەیەک بێت بۆ وەرزێکی نوێ هاوڕێ لەگەڵ ئاشتی و هێمنی بۆ ئەم ناوچە.

ئەم نەمامە هەنووکە لە سەرخۆ گەشە دەکات و لەو شوێنەی کە پ.ک.ک ژیانی وەرگرت، ڕەگی داکوتاوەتە ناو خاکەوە.

http://www.bbc.co.uk/persian/worldnews/story/2007/08/070809_mf_nk_ocalan.shtml
سەرچاوە: سایتی فارسی بی بی سی
ئاگوستی 2007